جووت سایدی ڕێشکینی نێوان هەردوو شەقامی سەد مەتری و سەدو بیست مەتری کرایەوە

ئەمڕۆ سەشەممە) 17ـی تشرینی یەکەمی 2023)، وەزیری شارەوانی و پارێزگاری هەولێر، لە ڕۆژەسمێکدا جووت سایدی ڕێشکینی نێوان هەردوو شەقامی سەرەکی 100 مەتری و 120 مەتری کردەوە.

جووت سایدی ڕێشکین پێکهاتووە لە شەقامێکی دووساید بە درێژایی دوو کیلۆمەتر و پانیی 36 مەتر، لەگەڵ دروستکردنی نزیکەی سێ کیلۆمەتر ئاوەڕێ، لەم پڕۆژەیەدا زیاتر لە دوو هەزار مەتر قیە بەکارهێنراوە و هەڵکاری بە شەقامەکە کراوە، ئەو شەقامە کە شەقامێکی سەرەکی شاری هەولێرە، هەردوو شەقامی سەرەکی 100 مەتری و 120 مەتری و سەنتەری شار بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

لە ڕۆژەسمی کردنەوەی شەقامەکە، لە گێنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا هەریەک لە وەزیری شارەوانی و پارێزگاری هەولێر باسیان لە گرنگی شەقامەکە کرد و پارێزگاری هەولێر ڕایگەیاند: "ئەو شەقامە بە شاری هەولێر گرنگیەکی زۆری هەیە و جوانیەکی گەورەشی بە شاری هەولێر بەخشیووە، هەموو خزمەتگوزارییەکانی شەقام و هاتوچۆی تەدایە و لەمەوە دەکەوێتە خزمەت و دەبێتە هۆی ئاسانکارییەکی زۆر بە هاتوچۆی شۆفێران و هاوڵاتیان لە نێوان هەردوو شەقامی سەرەکی 100 مەتری و 120 مەتری بە فەکەخانەی نەودەوەتیی هەولێر و ناو سەنتەری شاری هەولێر".